ناوژکارەکی سودانی لەبارەی هێرشەکانی ئێران: هێشتیان گونجاو نییە لەگەڵ قووڵایی پەیوەندییەکانی هەردوولا



خالد یەعقوبی ناوژکاری محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری ئاسایش رایگەیاند، بڕدومانەکەی شەوی دوشەممەی سەر چەند ناوچەیەکی شاری هەولێر هێشتیان گونجاو نییە لەگەڵ قووڵایی پەیوەندییەکانی هەردوولا.

خالد یەعقوبی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند، "بڕدومانکردنی هەولێر کردەوەیەکی تاکلایەنە بوو کە لەلایەن ئێرانەوە ئەنجامدراوە و نوێنەرایەتی پێشێلکارییەکی گەورەی سەروەری عێراق دەکات".

ئاماژەی بەوەشکرد، "دەستوری عێراق ڕێگە بە بونی گروپە چەکدارەکان نادات کە هەڕەشە لە وڵاتانی دراوسێ دەکەن، هەروەها ڕێگە نادات خاکەکەی ببێتە مەیدانی دەستدرێژی بۆ سەر هیچ وڵاتێکی دراوسێ، حکومەتی ئێرانیش عێراقی ئاگادار نەکردۆتەوە سەبارەت بە بڕدومانەکەی ئەم دواییە".

راوێژکارەکەی سودانی دەشێت، "ئەگەر بەگەڵ لە لایەنی ئێرانییەوە هەبوایە لەسەر بونی نوسینگەکانی مساد لە هەولێر، دەبو ئادەستی حکومەتی عێراق بکرایە، حکومەتی عێراقیش لەم ڕوەوە بدەنگ ناوەستێت، بێیە پاساوەکانی ئێران بۆ ئەنجامدانی بڕدومانەکەی بەس نین".

خالید یەعقوب جەختیشیکردەوە، "هەوڵدەدەین عێراق دور بێت لە هەر هێزێکی دەرەکی، بەو پێیەی لەگەڵ ئەمریکا چوینە ناو دانوستانێکی جددی و ڕێگایەکی زۆر نایابمان بەو ئاراستەیە بڕی، بەڵام ئەم ڕوداوانە زیانی بۆ ئەو دەسیەیە هەیە و دوایدەخات کە عێراق کار لەسەر ئەوە دەکات هێزە بیانیەکان بکشێنەوە".